# (23)

# گفتۆگۆی ژیرانە

# ئایا تەنها پیاو مافی بڕیاردانی هەیە لە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هاوسەرگیری؟

خوێنەرانی خۆشەویست!

ئاینی ئیسلام ئاینێکی خوایی نێوەندگیری بێهاوتایە، دەوری هەموو شتێکی داوە، هەر شتێك کە مرۆڤ لەم ژیانی دونیایەدا پێویستی پێبێت ئیسلام هاتووە باسی کردووە و ڕوونی کردۆتەوە، ئاینی ئیسلام ئاینێکە دوورە لە هەموو کەموکوڕی و ناتەواوییەك، خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:

﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ ٣ ﴾ المائدة.

واتە: ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەم بۆ تەواو کردن، نیعمەت و بەخششی خۆم بۆ تەواوکردن وە ڕازی بووم بەوەی ئیسلام ئاینتان بێت.

هەروەها خوای پەروەردگار ئێمەی ئوممەتی پێغەمبەری خوا ﷺی کردووە بە ئوممەتێکی میانجیو مام ناوەند، وەك دەفەرمووێ: ﴿ وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا ١٤٣ ﴾ البقرة، ئوممەتی پێغەمبەری خوا ﷺ، ئوممەتێکە نە بەلای زێدەڕۆییدا چووە نە بەلای کورتهێنان، یەکێك لەو مەسەلانەی تر کە پێویستە گفتوگۆیەکی ژیرانەی لەبارەوە بکەین، بریتییە لە(مەسەلەی تەڵاق).

**تەڵاق:**

یەکێکە لەو بابەتانەی دوژمنانی ئیسلام لەزۆر شوێن و لەزۆر بۆنەدا دەیوروژێنن، دەیانەوێ لەو دەرگایەوە تانەو تەشەرە لەدینی ئیسلام بدەن، گوایە ئیسلام تەڵاقی داوەتە

دەست پیاو و نەیداوەتەوە دەست ئافرەت، لە سۆنگەی ئەم بابەتەوە ئەوە دەخەنە ڕوو(کە ئایا ئەم کارە پیاوسالارییە لە کۆمەڵگای مسوڵمانان؟!)

بەڕێزان!
بەر لەوەی بچینە سەر ناوەڕۆکی بابەتەکە دەبێ چەند زانیارییەك بزانین، یەکێ لەو زانیارییانە ئێمە لەم مەسەلەیەدا سێ شتمان هەیە دەبێ لێکیان بکەینەوە، (خولع، فەسخ، تەڵاق) ئەمانە سێ زاراوەی فیقهی شەرعین لەمەسەلەی نێوان ژن و پیاو، تەڵاق ئەو شتەیە کە بەدەست پیاوە، ئەم بەدەست بوونەش حیکمەت و فەلسەفەی خۆی هەیە دواتر ڕوونی دەکەینەوە.

## 1.خولع:
خولع لەدەستی ئافرەتە و لە خولعدا ئافرەت داوای جیابوونەوە دەکات، هەر کاتێك ئافرەتێك بیەوێ لەگەڵ پیاوەکەی نەژیت، داوای جیابوونەوە بکات، ئەوا دەتوانێت بە خولع لە پیاوەکەی جیاببێتەوە.
لە کتێبەکانی فەرموودە و سیرەدا هاتووە، خێزانی سابتی کوڕی قەیس هاتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ و پێی گوت: دەمەوێ لە پیاوەکەم جیاببمەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ پرسیاری لە ئافرەتەکە کرد کە هۆکارەکەی بۆ ڕوون بکاتەوە، ئافرەتەکە گوتی: پیاوەکەم هیچ خراپە و عەیبێکی نییە لە دینداری، بەڵام لەنێو پیاواندا لەهەمووان ناشیرینت رو نابوتترە، بۆیە دڵم لەسەری ساردبوەتەوە و نامەوێ.
پێغەمبەری خوا ﷺ بە ئافرەتەکەی فەرموو ئایا مارەییەکەی بۆ دەگێڕیتەوە؟ کە بریتیی بوو لە باغێك، ئافرەتەکە گوتی: بەڵێ بۆی دەگەڕێنمەوە، پێغەمبەری خوا ﷺ بە پیاوەکەی فەرموو باخەکەی خۆتی لێ وەربگرەوە و تەڵاقی بدە.
پیاوەکە چەند جارێك بە پێغەمبەری خوای ﷺ گوت: کە ئەم زۆری پێناخۆشە و زۆریش خێزانەکەی خۆی خۆشدەوێت و نایەوێ تەڵاقی بدات، پێغەمبەری خواش ﷺ ئەمەی بە ئافرەتەکە فەرموو، بەڵام ئافرەتەکە گوتی: ئایا فەرمانم پێ دەکەی لێی جیانەبمەوە یان

تەنیا شەفاعەت و پێشنیار دەکەی؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: نەخێر من فەرمانت پێ ناکەم، تەنیا دەمەوێ تکا بۆ پیاوەکەت بکەم، ئافرەتەکە گوتی: من نامەوێ بگەڕێمەوە لای و دەمەوێ لێی جیاببمەوە.

### .فەسخ:

جگە لە تەڵاق و خولع، فەسخیش هەیە، فەسخ ئەوەیە هەردووکیان سکاڵا لای دادوەر دەکەن، دادوەریش دوای ئەوەی گوێ لە هەردووکیان ڕادەگرێ هەوڵی خۆی دەدا بۆ ئەوەی پێکیان بێنێ، بەڵام ئەوان پێك نایەن، دوای ئەوەی دادوەر بۆی ڕوون دەبێتەوە کە ئەوان ناتوانن بەیەکەوە بژین و هەریەکەیان لە دڵێکن بڕیاری فەسخ دەدات، کەواتە: ڕێککەوتنی مارە بڕینەکەیان هەڵدەوەشێنێتەوە و هەردووکیان لێك جیادەکاتەوە.

خوای پەروەردگار ڕێ و شوێنەکانی مامەڵەکردنی پیاو لەگەڵ ئافرەت باس دەکات، بۆ وێنە دەفەرموێت: ﴿ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا ٣٤ ﴾ النساء.

ئەو ئافرەتانەی چاك و باش و پارێزگارن خوای پەروەردگار بەهۆی حوکمەکانی شەریعەت پارێزگاریان لێ دەکات، بەڵام بە پێچەوانەوە ئەو ئافرەتانەی (ناشیزە)ن، واتە: سەرکەشن و گوێڕایەڵ نین، خوای پەروەردگار فەرموویەتی: کە پیاوەکەی ئامۆژگاری بکات، ئەگەر دوای ماوەیەك ئەم ئامۆژگاریکردنە هیچ سوودی پێ نەگەیاند، ئەوا پیاوەکە جێی لەگەڵ جیا بکاتەوە، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتە بزانێ کە پیاوەکەی دەتوانێت بێ ئەویش بژیێت، وە ئەمە جۆرێکە لە تەمبێکردنی ئەم جۆرە ئافرەتانە لە سۆنگەی لایەنی دەروونیان، هەندێ لە زانایان دەڵێن: هەر لەسەر یەك جێگا لەگەڵی دەخەوێ بەڵام پشتی تێ دەکات.

ئەگەر ئەم دوو ڕێگایەش هەر سوودی نەبوو، ئافرەتەکە هەر وازی نەهێنا لە سەرکەشی خۆی، ئەوا دەفەرمووێ: لێیان بدەن، ئەم لێدانەش هەموو زانایان یەك دەنگن کە: لێدانێکی ئەوتۆ نەبێ ئەزیەت و ئازار بە ئافرەتەکە بگات، بەڵکو لێدانەکە بۆ ئەوەیە ئەو ئافرەتە بە ئاگابێتەوە و بزانێت کە پیاوەکەی ئەگەر بیەوێت دەتوانێت ڕێگری لە

سەرکەشیەکانی بکات، هەندێ لە زانایـان دەڵـێن: لێدانەکـە بـە خـاولی، یـان بەسـیواك دەبێت.

لە بەرامبەردا پیاویش تووشی نشوز- سەرکەشی دەبێ، پێوستە ئەم جۆرە پیاوانە لەلایەن ڕیـش سـپیانەوە، یـاخود لەلایـەن دادوەرەوە، یـاخود لەلایـەن خـەڵکێکی شایسـتەوە ئامۆژگاری بکرێن.

وەك پێشتر ئایەتەکەمان هێنا و ئاماژەمان بەوەکرد کە ئوممەتی پێغەمبـەری خاتـەم ﷺ ئوممەتێکی میانجیی و مام ناوەندە لەهەموو بوارەکانی دین و دونیا، لـەلای یەهودیـەکان پیاو هەر کاتێك بیـەوێت دەتوانێـت ئافرەتەکـەی خـۆی تـەڵاق بـدات، تەنانـەت ئەگـەر ئافرەتێکی بینی پێی جوانتر بوو لە ئافرەتەکـەی خـۆی دەتوانێـت لـە ئافرەتەکـەی خـۆی جیاببێتەوە، ئەمـەش لەلایەن یەهودیەکانـەوە شـتێکی زۆر ویسـتراو نییـە، پێیـان وایـە ئافرەت لەبەر دوو هۆکار تەڵاق بدرێت:

یەکەمیان: ئەگەر عەیبێکی جەستەیی هەبوو، دووەمیان: ئەگەر لـەڕووی هەڵسـوکەوتەوە کەموکوڕی هەبوو، بەڵام گەورەترین هۆکار لەلایان ئەوەیە ئەگەر ئافرەتەکە خیانـەتی لـە هاوسەرەکەی کرد و ئافرەتێکی زیناکار بێ.

بەڵام لە ئاینی مەسیحی بە پێچەوانەی ئاینی یەهود ی‌و ئاینی ئیسلام بـەهیچ شـێوازێك ڕێگە نادەن ئافرەت و پیاو لەیەکتر جیاببنەوە، بەتایبەت مەزهـەبی کاسـۆلیکی، لـەلای ئەوان تەڵاق بەهیچ شێوازێك ڕێگەپێدراو نییە، تەنیا لەو کاتەدا ئەگەر یەکێکیان خیانەتی لە هاوسەرەکەی کرد، ئەو کاتە تەنها لەڕووی جەستەوە لێك جیادەبنـەوە، بـەڵام نـاتوانن دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە.

## بۆچی تەڵاق دراوە بەدەستی پیاو؟

بەڕێزان! دوو هۆکاری سەرەکی هەن بۆ ئەمە:

یەکەمیان: لەبەر ئەوەی پیـاو لـەکاتی داخوازیکردنـدا مـارەیی بـە ئـافرەت دەدا، هـەم پێشەکی (مقدمە)، هەم پاشەکی (موئەخیر)ە، دیارە سروشتی ئینسانیش وایە ئەگەر پارە بە شتێك بدات، یان پارە لە شتێکدا سەرف بکات، ئـەوا زیـاتر دەسـتی پێوەدەگرێـت و

پارێزگاری لێ دەكات، لەسۆنگەی ئەو مارەیییەی كە پیاو دەیدات و لەسەری پێویستە، خوای گەورەش تەڵاقەكەی داوەتە دەستی ئەو.

دووەمیان: دووەم هۆكار بریتییە لە هۆكارێكی مەعنەوی، بەشێوەیەكی گشتی پیاوان لە كارەكانیاندا زیاتر عەقڵ بەكاردێنن، زیاتر عەقڵ و بیركردنەوە بەسەریاندا زاڵە، نەك سۆز و عاتیفە، بەپێچەوانەوە ئافرەتان بە شێوەیەكی گشتی زیاتر بەسۆز و عاتیفە بیر لە كێشە و ئاریشەكان و بابەتەكانی ژیان دەكەنەوە، لەلایەكی دیكەوە لەبەر ئەوەی پیاو عەقڵ بەسەریدا زاڵە كەمتر تەڵاق بەسەر زمانیدا دێ، چونكە زیاتر درك بە گەورەیی مەسەلەكە دەكات، لەوانەیە ئافرەتان لەبەر سۆز و عاتیفەی زۆریان زۆرجار بڕیارێك بدەن پاشان لە بڕیارەكەیان پەشیمان ببنەوە، بەدڵنیاییەوە ئێمە ئەم مەسەلەیە بە شێوەیەكی گشتی باس دەكەین ئەگینا بێگومان ئافرەتانیش عەقڵ و ژیریان بەكار دێنن، وە بەدڵنیاییەوە لەنێوان پیاوانیشدا كەسانێك هەن ئەوەندە عاقڵ و دووربین نین، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی بەم شێوەیەیە كە باسمان كرد.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئافرەت هەندێ حاڵەتی تایبەتی بۆ پێشدێت، وەك سووڕی مانگانە، سكپڕی، منداڵ بوون، شیرپێدان، منداڵ لەبارچوون، ئەمانە هەمووی دەبنە هۆكاری ئەوەی هاوسەنگی هۆڕمۆنی لەلەشیدا تێك بدات، یان هەندێ جار ئەم حاڵەتانە دەبنە هۆكاری تێكچوونی باری دەروونی و سەر ئێشە و بێزار بوون، لەوانەیە ئەم بێزاری و سەر ئێشەیەش ببێتە هۆی ئەوەی بەڕێكوپێكی نەتوانێت بڕیار لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەكان بدات.

ئەم بابەتە ئەزموونیش كراوە، ئەوەتا لە وڵاتی توونس دوای گفتوگۆیەكی زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە بڕیاریاندا تەڵاق هەم بەدەست پیاو بێ و هەم بەدەست ئافرەت بێت، واتە: وەكو یەكیان لێبێت، ئەمەش وایكرد لەیەك ساڵدا ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی كە پیاوەكانی خۆیان تەڵاق دەدەن یەكجار زۆربێت، دوو ئەوەندەی ساڵانی پێش ئەم بڕیارە بوو، بۆیە بەناچاری بەبڕیارەكەیاندا چوونەوە و وەكو خۆیان لێ كردەوە، كە ئافرەت تەنیا مافی خولعی هەبێ نەك تەڵاق دانی پیاو.

دەبێت زۆر چاك ئاگاداری ئەو خاڵەش بین کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگەی نەداوە پیاوان بە بێ پاساو ئافرەتانیان تەڵاق بدەن، مەگەر لە حاڵەتێکی زۆر ناچاری و زۆر پێویست نەبێت کە خوای پەروەردگار ڕێگەی پێ داوە، ئەوەتا خوای پەروەردگار ئامۆژگاری پیاوان دەکات کە ئارامگرتنیان زۆربێ، تەنانەت ئەگەر ئافرەتانی خۆشیان لەهەندێ ڕووەوە بەدڵ نەبوو ئەوا پەنا بۆ تەڵاق نەبەن، دەفەرمووێ:

﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰٓ أَن تَكْرَهُوا۟ شَيْـًٔا وَيَجْعَلَ ٱللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا ﴿١٩﴾ ﴾ النساء، ئامۆژگاری پیاوان دەکات و دەفەرمووێ: بەچاکی و بە باشی لەگەڵیان بژین، خۆ ئەگەر ڕقتان لێیان گرت و بەدڵتان نەبوون، ئەوا ڕەنگە زۆر شت هەن کە ئێوە بەدڵتان نییە و پێتان ناخۆشە کەچی خوای پەروەردگار خێرێکی زۆری خستۆتە ئەم شتە و نەیفەرمووە: ئەگەر ڕقتان لێیان گرت یان لەهەندێ شتدا بەدڵتان نەبوون بڕۆن تەڵاقیان بدەن، بەڵکو فەرموویەتی: لەوانەیە ئەم بەدڵ نەبوونەی ئێوە خێری تێدابێ و مواداراتیان لەگەڵدا بکەن، هەروەها فەرموویەتی: ﴿ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا۟ بِبَعْضِ مَآ ءَاتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ﴿١٩﴾ ﴾ النساء، لەم ئایەتەدا بەڕاشکاوی ئاماژە بەوە دەکات کە پیاوان نابێ هاوسەرەکانیان ناچار بکەن بۆ ئەوەی لە مارەییەکانی خۆیان خۆش بن و داوای خولع بکەن! خوای گەورە ئەمەی لە پیاوان قەدەغە کردووە و لەو بارەوە فەرمانی پێداون، مەگەر تەنها لە حاڵەتێك کە ئافرەتان تووشی زینا بووبن.

تەڵاق ئەوەندە مەسەلەیەکی هەستیار و گەورەیە خوای پەروەردگار یەك سووڕەتی ناوناوە(سوڕەتی الطلاق)، لە ئایەتی یەکەمی ئەم سووڕەتەدا دەفەرمووێ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِىُّ إِذَا طَلَّقْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَطَلِّقُوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحْصُوا۟ ٱلْعِدَّةَۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ رَبَّكُمْۖ لَا تُخْرِجُوهُنَّ مِنۢ بُيُوتِهِنَّ وَلَا يَخْرُجْنَ إِلَّآ أَن يَأْتِينَ بِفَٰحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ﴿١﴾ ﴾ الطلاق، واتە:ئەی محمدﷺ بە ئوممەتەکەت ڕابگەیەنە کاتێك ژنانتان تەڵاق دەدەن لە دوای پاك بونەوەیان لە سوڕی مانگانەکەیان تەڵاقیان بدەن و حیسابی ئەوکاتەش بە وردی ڕابگرن و لە پەروەردگاریشتان بترسن و ماوەکەیان بۆ درێژ مەکەنەوە(ئەگەر لەو کاتە دیاریکراوانەدا

جارێك تەڵاقتان دان ئەوا با ئەو ئافرەتە لە ماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە) و دەریان مەکەن لە ماڵەکانی خۆیاندا، ئافرەتەکانیش با لە ماڵ دەرنەچن مەگەر کارێکی ناشـرین و نـاڕەوای ئاشکرا ئەنجام بدەن(ئەوکاتە با لەماڵ نەمێنن و بچن بۆ ماڵی مەحرەمێکیان)، ئا ئەوەیـە سنووری خوا لەبارەی تەڵاقەوە، ئەوەشی لەسـنوری خـوا بترازێـت ئـەوا سـتەم لـە خـۆی دەکات، ئەی ئیماندار لەوانەیە دوای ئەو سـاردی و تێکچـونەەی نێوانتـان خـوای گـەورە بارودۆخێك پێش بهێنێت کە ئاشت ببنـەوە و ڕێـك بکەونەوە،بۆیـە نابێـت ئافرەتـان لـە ماڵەکانیان دەرچن).

خوای پەروەردگار قەدەغەی کردووە ئافرەتان لەکاتی سووڕی مانگانەدا تـەڵاق بـدرێن تـا پاك دەبنەوە، پاشان دووبارە سووڕی مانگانە دەبیننەوە پاشـان دووبـارە پـاك دەبێتـەوە، ئینجا لەم پاکییە ئەگەر ویستی تەڵاقی بدات، پیاوەکە نابێ بەهیچ شێوازێك لێـی نزیـك بێتەوە و سەرجێیی لەگەڵـدا بکـات، پاشـان کـە تەڵاقیشـی دا دەبـێ نەفەقـەی تـەواوی ئافرەتەکە بدات، وە فەرموویەتی: نابێ لە ماڵەکانی خۆیان دەریان بکەن، لـەو حاڵەتـەش کە حاڵەتی جیا بوونەوە و تەڵاقـە کەچـی خـوای پـەروەردگار ماڵەکـەی هـەر بـە مـاڵی ئافرەتەکە داناوە.

ئینجا سەرەڕای ئەمە ئەگەر پیاو ئافرەتەکەی تەڵاق بدات دەبێ مارەییەکەی هەرچەند بوو هەر بیدا، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ وَإِنۡ أَرَدتُّمُ ٱسۡتِبۡدَالَ زَوۡجٖ مَّكَانَ زَوۡجٖ وَءَاتَيۡتُمۡ إِحۡدَىٰهُنَّ قِنطَارٗا فَلَا تَأۡخُذُواْ مِنۡهُ شَيۡـًٔاۚ ﴿٢٠﴾ ﴾ النسـاء، تەنانـەت ئەگـەر مارەییەکە بە ئەندازەی قاصەیەکی گەورەش بێت لە زێڕ، پیاوەکە نابێت خۆی لێ ببورێت و نەیدات، بەڵکو خوای پەروەردگار فـەرمانی پێکـردووە مارەییەکـەی هـەمووی بـدات، هەتتا ئەگەر لە حاڵەتی خولعیش بێت ئەگەر دوای خولعەکە دادوەر بـۆی ڕوون بـۆوە ئـەم ئافرەتە ستەمی لێ کراوە و ستەمکردنەکە زۆری بۆ هێناوە تـا داوای خولـع بکـات ئـەوا دووبارە دادوەر پیاوەکە بانگ دەکاتەوە و پابەنـدی دەکـات کـە هـەموو مارەییەکـە بـە خێزانەکەی خۆی بدات، ئەم حاڵەتە پێی دەگوترێ (تعسف).

خوای پەروەردگار فەرمانی بە پیاو کردووە کە ئەگـەر خێزانەکەشـی تـەڵاق دا دەبـێ زۆر بەجوانی و زۆر بەچاکی لێی جیاببێتەوە و نابێت بەهیچ شێوەیەك هەست و شـعوری ئـەو

ئافرەتە بریندار بکات، یان بکەوێتە نێو غەیبەت کردنی لەملاو ئـەولا، دەفـەرمووێ: ﴿ فَإِمۡسَاكُۢ بِمَعۡرُوفٍ أَوۡ تَسۡرِيحُۢ بِإِحۡسَٰنٖ ﴿٢٢٩﴾ ﴾ البقـرة،واتـە: یـان بەباشـی لـەلای خۆتـان بیانهێڵنەوە، یان ئەگەر لێیان جیابوونەوە بە چاکترین شێواز لێیان جیاببنەوە.

جیابوونەوەی ئافرەت لە پیاوەکەی هیچ شورەیی و ناتەواویی نییە بۆ ئافرەت، بـەڵکو زۆر جار بەهۆی لێکتێنەگەیشن، یان نـەگونجان ڕوودەدات ئەمـەش شـتێکی ئاسـاییە، بگـرە لەوانەیە هەندێك جار تەڵاق دانی ئافرەت لەلایەن پیاوەوە بەهۆی خراپـی پیاوەکـە بێـت، ئەوەتا پێغەمبەری خوا ﷺ دوو کچی تەڵاق دراوە کە لەلایەن دوو کـوڕی ئـەبو لەهـەبی مامی بوون، ئەمەش بەهۆی کوفری پیاوەکانەوە بووە، یاخود لەوانەیە تەڵاق و جیابوونەوە لەبەر خراپی هیچ لایەکیان نەبێت، بەڵکو لەبەر نەگونجان بێت، وەك زەینەب و زەید خوای گەورە لێیان ڕازی بێت.